www.kurdistannet.org
28-1-2003 2:22

# دیسان خەونی سەربەخۆبوونی کورد بەرەو گێژاوێکی نادیار دەچێت!

**ئارام عەزیز**
aramazez@msn.com

**پێم وایە مێژووی خەباتی مۆدێرینی رزگاری نەتەوایەتی کورد لەم یەك–دوو سەدەی ڕابردوودا هەست و نەستێکی سەربەخۆ خوازانەی ئەوتۆی لە دڵی نەوەکانی ئێستا و داهاتوی ئەم گەلە سەقامگیرکردووە، ئاماژەکردن بە هۆکاری نشوست و بەرە هەڵدێر چونی بزاڤ وپێکهاتە سیاسیەکانی کورد بە گشتی لە مێژووی دێرینەوە، پێداویستیەکی گرنگ نییە. هەڵبەتە مێژووی سەرهەڵدان وخەباتی ئازادیخوازانەنی کورد هەر لە دێر زەمانەوە لە سەر بنەمایەك پێکهاتووە کە لە نێوان ئەگەری وەدەستهێنانی ئامانجەرەواکانی گەلی کورد و بەرەو هەڵدێر چوون، یان "بەرەو هەڵدێر بردن، " نەوە بە نەوە سپێردراوە. جا ئەگەر شۆڕش و بزاڤەکان لە چی بەشێکی کوردستان و لەسەر دەستی کێ بەرپابوون و، تا چی رادەیەکیش سەرکەوتوو بوون . یان نشوستیان هێنابێت، لە دوو لاپەرەی مێژوودا بۆ خودی کورد لە لایەك و، لە لایەکی دیکشەوە وەکو بەشێك لە مێژووی شوڕشی رزگاریخوازانەی دوونیا ئاماژەیان پێکراوە. واتا ئاماژە بە رووی بەدەستهێنا و لە دەستدانەکانی کراوە. ئاشکرایشە ئەگەر سەرانی بزوتنەوەی رزگاری کوردستان کەڵکی پێویستیان لە رواداوەکانی رۆژ بۆ بەرژەوەندی کورد وەرگرتبێت، یان بە پێچەوانەوە، ئامانجە خوازراو و دەستکەوتە سیاسییەکانی کوردیان بەرەو هەڵدێری نادیار وەرچەرخاندبێت، مێژووی خەباتی رزگاری کورد شاهیدی لە سەر داوەن.**

**گرنگترین هۆکاری کەڵك وەر نەگرتنی پێویست لە پێشهاتە گونجاوە ناوچەیی و جیهانیەکان لەلایەن سەرانی کوردەوە، تادەگاتە وە دەستهاتوە سیاسی و نەتەوایەتیەکان، گەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێت، لەمێژووی ئەم دوو سەدەی رابردووەدا بەزەقی دەست نیشان کراون. بێگومان مێژووی کۆششی سەربەخۆبوونی کورد لایەنی تەنگ و چەڵەمەی رووەو چونی گێژاوی نادیاری روونترە لەلایەنی دەستکەوتی سیاسی و دەسەڵاتی نەتەوایەتی، گەر چی هەرس و بەرەو هەڵدێر چوونی ئامانجی سەربەخۆبوونی کورد سەردەم و تایبەت مەندێتی خۆی هەبووە. رەنگە هەندێك جار سەر هەڵدانی کورد، یان بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری تایبەتەوە تەنها لە ناوچیەك، یان لە پارچەیەکی کوردستان تێپەری نەکردبێت و سەر کەوتنەکانیشیان بۆ ماوەیەکی کورت بووبێت، بەڵام هەڵوێست و هەستی نەتەوایەتی ڕابەرانی ئەو جوڵانەوانە لە مەڕ وە دەستهێنانی دەسەڵاتداری کوردی لە سەر خاکی خۆی بە پێی ئەو سەردەم و بارو دۆخانە، جێگای خۆی لە نێو لاپەرەکانی مێژووی خەباتی رزگاری نەتەوایەتی کورددا کردوەتەوە. شوڕشی کوردستانی باشوور لە پاش شەڕی یەکەمی دونیا بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی حەفید و، راگەیاندنی ئیماراتی سۆران لەلایەن پاشای رەواندوزەوە و، پاشان دامەزراندنی کۆماری مهاباد بە رابەرایەتی قازی محەمەد لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، گەر چی ئەو سێ بزاڤە سەرکەوتنێکی مەزنیان لەدرێژە پێدانی تەمەنی سەرکەوتنەکانیان وەدەست نەهێنا، بەڵام لە لایەك پەیامێ سەربەخۆخوازی گەلی کوردی بۆ جیهان راگەیاند و، لە لایەکی دیکەیشەوە بنامەیەکی پتەوی بیری نەتەوایەتی بۆ نەوەکانی کورد بەجێهێڵا.**

**گەر چی بەشێك لە سەرانی ئەمرۆی کورد میراتگری رێچکەی ئەو سەرکردە سەربەخۆخوازانەی سەرەوەن، بەڵام وێرای ئەو هەموو گۆرانکارییەخێرایانەی جیهان و ناوچەکە، لە زۆر ڕووەوە بە پێی پێوست نەیانتوایوە داخوازیە نەتەوایەتیەکانی کورد بەجێ بهێنن. لە کاتێکدا جوگرافیای گەلێك لە وڵاتانی دوونیا لەپاش جەنگی یەکەمی جیهان سەر لەنوێ نەخشە ڕێژکرابووەوە، شێخ مەحمودی حەفید بەو پەری بوێریوە شۆڕشی سەر بەخۆیی لە کوردستانی باشووری راگەند. بێگومان، هەل ومەرجی پاش شەڕی دووەهەمی دونیاش بە دامەزراندنی کۆماری مهاباد بەرابەیەتی قازی محەمەد، باشترین کەڵکی لێوەرگیرا. هەرچەندە بارودۆخی ئەو سەردەمە بواری تەمەن درێژی بەو کۆمارەی کورد نەدا، بەڵام هەڵوێستی قازی لە ئامادەبوون بۆ پەتی سێدارە، نەك خۆ بەدەستەوەدان یان خۆ بە خۆ بەرەو هەڵدێربردنی ئەو دەستکەوتە نەتەوایەتیە، مێژوویەکی پڕ لە شانازی بوو بۆ نەوەی سەر بەخۆخوازی کوردو، پەیامێکی بوێرانەیش بوو بۆ شۆڕشگێرە رزگاریخوازەکانی جیهان.**

**بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ بووە بە مایەی نیگەرانی گەلی کورد، پەنجا تا هەشتا (٥٠–٨٠) ساڵ بە سەر شۆڕشی رزگاری و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستاندا لە لایەن حەفید و پاشا و قازی وە تێ دەپەڕێت و، بارو دۆخی بانگەشەی سەر بەخۆیی کوردستان هەر نەبێت لە باشووردا پێنیاوە لە سەردەمێکی گەلێك لەبارە، کەچی ئەو هەلە لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە پێچەوانەوەی خواستە نەتەوایەتیەکانی کورد وە بیری لێکراوتەوە.**

**ئەو هەل و مەرجەی کە لە پاش مێژوویەکی پڕ لە خەباتی خوێناوی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لەساڵی ١٩٩١ وە بۆ کورد هاتوەتە گۆڕێ، دەتوانرێت بە لە بارترین بارو دۆخی مێژووی مۆدرینی تێکۆشانی سەربەخۆی کورد بژمێردرێت، بەڵام یەکێتی وپارتی ناتوانن وەکو پێویست لە بەرژەوەندی کورد کەڵکی لێوەرگرن. لە پاش ١١ ساڵ نیمچە سەر بەخۆبوون، وێرای ئەو هەموو کارەساتانەی (ی ن ک و پ دک) بەسەر کورد دا هێناویانە، گەلی کورد توانی بۆ دۆست و دوژمنی بسەلمێنێت کەوا نەتەوەیەکی ئاشتی و سەربەخۆخوازە و، جگە ئەو دوو لایەنەی کە "میرنیشینی بارزانی و تاڵەبانیان" بۆ یەك ناخرێت، هیچ خواستێکی پێکەوە لکاندنی گەل و نیشتمانەکەی بە وڵاتانی دیکەوە نییە. پارتی و یەکێتی لە جیاتی بە داوای لێبوردنێکی زۆرەوە لە خەڵکی کوردستان، ئەو پارچەیەی کوردستان کە لە سەر دەستی ئەوان کراوە بە چوار، یەکبخەن وبیکەن بە بنەمایەکی سەربەخۆیی، بەلای کەمەوە بۆ کوردستانی باشوور، دەیانەوێت جارێکی دیکە ئەو ئازادییە بەخوێنی کورد بە دەستهاتووە بخەنەوە ژێردەسەڵاتی شۆڤێنیستیی عەرەب و، جارێکی دیکەیش ڕێگای بەغدا بۆ دان وساند لە سەر مافەکانی کورد، بگرنەبەر. !!!**

**سەرانی حیزبی دیموکراتیش نەك هەر باس لەوەی کە ٥٧ ساڵ پێش ئەمڕۆ ڕابەری دیموکرات ڕایگەیاند ناکەن، بەڵکو ئامادەیشن کە نێو و سنوری کوردستانی ڕۆژهەڵات بگۆڕنە سەر ئێران تەنها بۆ پاکانە و دڵنەوای کردنی ئاخونەکانی ئێران کە دیموکرات لایەنێکی ئێرانییە و هیچ بیرێك لەو هەڵوێستەی کە قازی نواندی ناکاتەوە. ئەم هەڵوێستەی کە ئێستا (پ د ك – ی ن ك و حیزبی دیموکرات) دەینوێنن لە پاش ٨٠ساڵ تێپەر بوون بەسەر شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی شێخ مەحمود مەلیك و، ٥٧ ساڵ دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن قازی ڕابەرەوە، ، جگە لە پەیامێکی دڵخۆش کەرانە بۆ نەیارەکانی کورد و، دیسان بەرەو هەڵدێر بردنی خەونی سەربەخۆیی کوردستان، یەك زەرە روناکی لە لایەن نەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە لێبەدی ناکرێت. !!!**

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

کوردستان نێت www.kurdistannet.org